# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-
- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# گۆڕانی زمانی لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بەپێی تیۆری شەپۆلەکان، ئاستی دەنگسازی بە نموونە

**(هەڵێنجراوی نامەی ماستەر)**


**بەختیار نصرالدین محمد طالب**

قوتابیی ماستەر / بەشی زمانی کوردی
زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر
baxtyarnsraldeen@gmail.com

**پ.ی.د. مزگین عەبدوڕەحمان ئەحمەد**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر
Mzgin.abdurahman@su.edu.krd



**پوختە:**

سەرچاوەی گۆڕان و جیاوازییە زمانییەکان دوو شتە: یەکەمیان؛ مرۆڤ هەمیشە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی خۆی کەرەستەی نوێی خوڵقاندووە، دووەم؛ دوورکەوتنەوەی قسەپێکەران لە یەکتر، بەهۆی لاوازیی پەیوەندی لە کۆندا، لەگەڵ گۆڕانی زماندا جیاوازیی نێوان قسەپێکەرانی ناوچە جیاوازەکانیش هاتۆتە ئاراوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (گۆڕانی زمانی لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بە پێی تیۆری شەپۆلەکان، ئاستی دەنگسازی بە نموونە)یە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی هەندێك لایەنی گەشە و گۆڕانی زمانی لە شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بەپێی تیۆری شەپۆلەکان، واتە کار لەسەر بڵاوبوونەوەی شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی کراوە لە ناو سنووری یەکتردا. لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەرە پێک هاتووە:

تەوەری یەکەم: باسی گۆڕانی زمان، سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی زار و شێوەزارەکان، دیاریکردنی سنووری شێوەزارەکانی سۆرانی و گەرمیانی و پەیوەندییان بە یەکترەوە کراوە، ئینجا تیۆری شەپۆلەکان ناسێنراوە.

تەوەری دووەم: ئاستی دەنگسازی بە نموونە وەرگیراوە، کە تێیدا بەپێی تیۆری شەپۆلەکان گۆڕانی دەنگی لە نێوان شێوەزارەکانی سۆرانی و گەرمیانی باس کراوە، دواتریش ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو.


کلیلەوشە: زمان، زار، شێوەزار، گۆڕانی زمان، تیۆری شەپۆلەکان

**پێشەکی**

**ناونیشـانی لێکۆڵینــەوە:** ناونیشـانی لێکۆڵینەوەکـە بریتییـە لـە (گـۆڕانی زمـانی لـە نێـوان شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی بـە پێـی تێـۆری شـەپۆلەکان، ئاسـتی دەنگسـازی بـە نموونـە)، کـە تیایـدا بـاس لـەو لێکچوwنانـە کـراوە، کـە بەشـێک لـە ئاوایـی و ناوچــەکانی هــەر شــێوەزارێکیان لەگــەڵ شــێوەزارەکەی تــر هەیانــە و لەگــەڵ شــێوە ئاخاوتنــی شــێوەزارەکەی خۆیــان جیــاوازن . لێکۆڵینەوەکــە هەوڵێکــە بــۆ دەستنیشــانکردنی لایەنــەکانی ئــەو لێکچوونانــە و دیاریکــردنی هــۆکارەکانی.

**گرنگــی لێکۆڵینــەوە:** گرنگـی لێکۆڵینەوەکـە لەوەدایـە، کـە دەیســەلمێنێت ســنوورێکی دابــڕ لــە نێــوان شــێوەزارەکانی زمـانی کوردیـدا نییـە و بەریەککەوتنـی شـەپۆلەکانی شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی لـە سـنووری هەریـەک لـەو دوو شـێوەزارە دیـار دەکات.

**ئامانجــی لێکۆڵینــەوە:** ئامانجـی لێکۆڵینەوەکـەش دیاریکـردنی ئـەو لایەنانەیـە، لـە بەشـێک لـە ئاوایـی و ناوچـەکانی شـێوەزاری گەرمیــانی، کــە بــە تــەواوی شــەپۆلی گــۆڕانی شــێوەزاری گەرمیـانی پێـی نەگەیشـتووە، یـان بـەر شـەپۆلی شـێوەزاری سـۆرانی کەوتـووە. یاخـود بـە پێچەوانـەوە دیاریکـردنی ئـەو لایەنانەیـە، لـە بەشـێکی سـنووری شـێوەزاری سـۆرانی، کـە هێـزی شـەپۆلی ئـەو گۆڕانـەی شـێوەزارەکەی لێکەوتووەتـەوە بـە تـەواوی پێـی نەگەیشـتووە، یـان بـەر شـەپۆلی شـێوەزاری گەرمیـانی کەوتـووە.

**پرسـیاری لێکۆڵینـەوە:** لـە لێکۆڵینەوەکەمانـدا هەوڵـمان داوە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە بدەینـەوە: گەشـە و گـۆڕانی زمـان لـە چەقـی شـێوەزارەکان، یـان لـە کۆتـا سـنووریان زیاتـر ڕووی داوە؟ ئایـا دیـاردە سروشـتییەکان بوونەتـە هـۆی دیاریکـردنی سـنووری شـێوەزارەکان؟ بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان لـە نێـوان شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیانیـدا گەشـە و گـۆڕانی زمـانی لـە کامیانـدا زیاتـر ڕووی داوە؟

**ڕێبـازی لێکۆڵینـەوە:** لێکۆڵینەوەکـە (پەسـنی - بـەراوردکاری) یـە، هەروەهــا لەبــەر ئــەوەی بــاسی دیاردەیەکــی ئێســتایی زمـانی لـە نێـوان دوو شـێوەزار دەکات، بۆیـە لێکۆڵینەوەکـی ئێســتاییە (ســایکرۆنیکی)   شــێوازی لێکۆڵینەوەکــە لەســەر مۆدیـلی تیـۆری شـەپۆلەکان ئەنجـام دراوە.

**پێکهاتــەی لێکۆڵینــەوە:** لــە دوو تــەوەرەی ســەرەکی پێکهاتــووە. لــە تــەوەرەی یەکەمــدا بــاسی گــۆڕانی زمــانی بەگشـتی و زار و شـێوەزارەکانی سـۆرانی و گەرمیانیـش بەتایبـەتی کـراوە. لـە تـەوەری دووەمـدا بـاسی ئـەو لێکچوونانـە کـراوە، کـە بەشـێک لـە قسـەپێکەرانی هـەر دوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی لـە ئاسـتی دەنگسـازیدا لەگـەڵ شـێوەزاری بەرامبـەر هەیانـە و جیایـان دەکاتـەوە لـە شـێوەزارەکەی خۆیـان.

**سـنووری لێکۆڵینـەوە:** ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە زمـانی کـوردی، زاری کوردیـی ناوەنـدی ئەنجـام دراوە و داتـاکانی لـە قسـەی خەڵکـی نێـوان هـەردوو هێڵـی سـنوورەکە وەرگیـراوە.

**تەوەرەی یەکەم**

**١ـ گۆڕانی زمان**

سـەرچاوەی گـۆڕان و جیاوازییـە زمانییـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، کـە مـرۆڤ هەمیشـە بـۆ پڕکردنـەوەی پێویسـتییەکانی خـۆی وشـە و دەسـتەواژەی نوێـی خوڵقانـدووە. "گومـان لـەوەدا نییـە، کـە زمـان لـە دۆخێکـی چەقبەسـتوو نامێنێـت و لـە سـنوورێکی دیاریکـراودا ناوەسـتێت، بەڵکـو بـەرەو گۆڕانـکاری و پێشــکەوتنە، پێشـکەوتنەکەش کارێکـی سروشـتییە و هیـچ ڕێگرییـەک نییـە تـا پێـشی پـێ بگرێـت، چونکـە بـە تونـدی پابەنــدە بــە ژیــانی قســەپێکەرانی و ژیانیــش لەبــەر ئــەوەی لـە پێشـکەوتن و گـۆڕانی بەردەوامدایـە، بۆیـە لـەم بارەیـەوە زمـان هاوتـای ژیانـە و بـە پێشـکەوتنی پێـش دەکـەوێ و بـە دواکەوتنیـشی دوا دەکەوێـت" (العـزاوی، ١٩٨٤، ٢٤).

دەرکەوتـووە، کـە "هـەر زمانێـک لـە هـەر کاتێکـدا بێـت لــە دۆخــی گۆڕاندایــە" (ڕەســوڵ، ٢٠١٥، ٣٧٧)، شــتێک نییــە بـە نـاوی ئـەوەی زمانێـک نەگۆڕێـت، بـەڵام ڕەنگـە ڕێـژەی گۆڕانـکاری لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر جیـاوازی هەبێـت، بــە هــۆی هــەردوو هــۆکاری ناوەکــی و دەرەکییــەوە[1] بــۆ نموونــە «زمــانی ئینگلیــزی لــە دوای ئینگلیــزی کۆنــەوە گۆڕانکاریــی زۆری بەســەردا هاتــووە، بــەڵام زمانــەکانی دی وەک فینلەنـدی و ئایسـلەندی بـە درێژایـی چەنـد سـەدەیەک گۆڕانێکـی کەمیـان بەسـەردا هاتـووە» (ڕەسـوڵ، ٢٠١٥، ٣٧٧).

هـەروەک چـۆن زمـان بەپێـی شـوێن دەگـۆڕێ و دەبێـت بـە چەنـد زارێکـی جیـا جیـاوە، بـە هەمـان شـێوە بـە تێپەڕبـوونی

كاتیــش دەگــۆڕێ، بــەم پێیــە كــوردی ســەدەی حەڤــدەم و هــەژدەم دەبــێ لــە كوردیــی ئەمــڕۆ جیــاواز بوبێــت. لــە پرۆســەی گــۆڕان لــە زمانــدا چەنــد ڕاســتییەك هــەن پێویســتە لەبیــر نەكرێــن:

١- هەمــوو زمانــەكانی جیهــان هەمیشــە لــە گۆڕانــدان و لــە توانــای كەســدا نییــە ئــەم گۆڕانــە ڕاگرێــت، یــان بــە تــەواوی نەیهێڵێــت، چونكــە گــۆڕان لەگــەڵ هەڵكــەوتی زمــان خۆیدایــە.

٢- گــۆڕانی زمــان مــەرج نییــە زمــان بــەرەو تێكــدان و هەڵوەشــاندن و لەناوچــوون بــەرێ وەك هەنــدێ كــەس باوەڕیــان وابــوو، بەڵكــو گــۆڕان لەوانەشــە زمانەكــە ئاســانتر بــكات و وزەپارێــز بێــت.

٣- گــۆڕان بەپێــی یاســا و دەســتوور ڕوو دەدات و لــە خــۆوە بێســەر و شــوێن نابێــت، هــەر لەبــەر ئەمەشــە كــە تەنیــا چەنــد جۆرێــك لــە گــۆڕان لــە زمــانی مرۆڤــدا دەبینرێــت و هــەر ئەمانــەش بــە گــۆڕانی ئاســایی دادەنرێــن (فەتــاح، ٢٠١١، ١١٨- ١١٩).

كەواتــە، گــۆڕانی زمــان دیاردەیەكــی زمانناســییە و هــەر دەبێــت ڕوو بــدات؛ زمــانی كوردیــش وەك هــەر زمانێكــی تــر لــە گــۆڕانی زمــانی بــەدەر نەبــووە، بــەڵام ڕێــژەی گۆڕانكارییــەكان لــە هەمــوو ناوچەكانــدا وەك یــەك نییــە و لــە ناوچەیەكــەوە بــۆ ناوچەیەكــی تــر جیــاوازە، چونكــە بــڕ و ڕادەی كارتێكــردنی هــۆكارەكانی گــۆڕان لــە هەمــوو ناوچــەكانی كوردســتان وەك یــەك نیــن. "هــۆی ســەرەكی جیاوازیــی ناوچەكانیــش لــە بــڕ و ڕادەی كارتێكــردنی ئــەو فاكتەرانەدایــە، كــە وابەســتەی جیاوازیــی تۆبۆگرافیــا و جوگرافیــای ناوچەكانــن" (ڕەســوڵ، ٢٠١٥، ٣٧٨)؛ شــێوەزارەكانی زمــانی كوردییــش بــەدەر نیــن لــە گۆڕانكارییــە زمانییــەكان، بــۆ نموونــە لــە زاری كرماجــی ناوەڕاســتدا هــەر یــەك لــە شــێوەزارەكانی ســۆرانی و گەرمیانــی كاریگەرییــان لەســەر ئەویتریــان هەبــووە، بەتایبــەت لــەو ناوچانــەی، كــە هاوســنوورن لەگــەڵ یەكــتر و یەكــتر بڕینیــان تێدایــە، شــێوەزاری ســۆرانی كاریگەرییەكــی زۆری لەســەر شــێوەزاری گەرمیــانی هەبــووە، هێــزی شــەپۆلی ئــەو شــێوەزارە لــە بەشــێكی بەرچــاوی ســنووری شــێوەزاری گەرمیانیــدا هەبــووە و گــۆڕانی زمــانی بــە ســەر ئــەو شــێوەزارەدا هێنــاوە؛ وای كــردووە لــە هەندێــك ڕوووە خەڵكــی ئــەو ناوچانــە لــە ئاخاوتنەكانیانــدا لێكچوونیــان لەگــەڵ شــێوەزاری ســۆرانیدا هەبێــت و لەگــەڵ شــێوەزاری گەرمیــانی جیــاواز بــن، ئــەم بــارە تــا ڕادەیــەك بــۆ شــێوەزاری ســۆرانیش ڕاســتە، بــەڵام گۆڕانكارییــەكانی ئــەو شــێوەزارە بــەراورد بــە شــێوەزاری گەرمیــانی ســووكن و بــە ڕادەیەكــی زۆر هەســتییان پــێ ناكرێــت؛ چونكــە (شــێوەزاری گەرمیــانی لــە هەمــوو شــێوەزارەكانی تــری زمــانی كــوردی پــتر گــۆڕانی بەســەردا هاتــووە، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ زۆرتــری ڕادەی لەبــاری هۆیــە دەرەكییــەكانی گــۆڕانی زمــان" (ڕەســوڵ، ٢٠١٥، ٣٦٤-٣٦٥).

گــۆڕانی زمــان هەمــوو ئاســتەكانی زمــانی گرتۆتــەوە؛ بــەڵام لــە ئاســتی دەنگســازیدا زیاتــر لــە ئاســتەكانی تــر ڕەنگــی داوەتــەوە؛ بۆیــە لــە نێــوان شــێوەزارەكانی زاری كوردیــی ناوەنــدی، بەتایبــەت ســۆرانی و گەرمیــانی، كــە هاوســنوورن لەگــەڵ یەكــتر كۆمەڵێــك هاوبــەشی و لێكچــوون هەیــە، كــە وا دەكات هەمــوان لــە ژێــر ســێبەری یــەك زاردا كــۆ ببنــەوە، دەگونجێــت لــە نــاو تایبەتمەندییــەكانی ئاخێــوەرانی ئاواییــەك، یــان چەنــد ئاواییەكــی ســنووری شێوەزارێك دۆخــی وا هەبێــت، كــە هاوبــەش بێــت لەگــەڵ یەكێــك یــان زیاتــری شــێوەزارێكی تــری هەمــان زار، لــە كاتێكــدا جیــاواز بێــت لــەو شــێوەزارەی، كــە ئــەو ئاوایــی و ناوچانــەش دەگرێتــەوە؛ واتــە دەشــێت لــە نــاو بەشــێك لــە ئاخێــوەرانی ئــەو شــێوەزارە هەندێــك لــە تایبەتمەندییــە دەنــگ و ڕێزمانییــەكانی بــە شــێوەزارێكی تــر بچێــت. ئەمــەش بــۆ دوو هــۆكار دەگەڕێتــەوە:

یەكــەم: دەشــێت ئــەو تایبەتمەندییــە مۆركێكــی ڕەســەنایەتی بێــت لــە نــاو ناوچەیەكــی شــێوەزارێك و شــێوەزارە لێكچووەكــەدا مابێــت، بــەڵام بەهــۆی گــۆڕانی زمانــەوە لــە نــاو ناوچەیەكــی تــری ئــەو شــێوەزارە و زار و شــێوەزارەكانی تــر نەمابێــت (عەســاف و عەبدوالڕەحــمان، ٢٠١٥، ٢)، چونكــە یەكێــك لــە هــۆكارە ســەرەكییەكانی پەیدابــوونی جیاوازیــی زمــانی زار و شــێوەزارەكان گــۆڕانی زمانــە (فریحــە، ١٩٨٩، ٢٤)؛ هەرچەنــدە لــە گــۆڕانی زمانــدا مــەرج نییــە هەمــوو ئــەو ئاوایــی و ناوچانــەی بــەر گــۆڕانی زمــانی كەوتــوون بــە هەمــان خێرایــی و ئاڕاســتە بگۆڕێــن، لەوانەیــە لــە هەندێــك ئاواییــدا دیاردەیەكــی زمــانی تــووشی گــۆڕان ببێــت، بــەڵام لــە چەنــد ئاواییەكــی تــردا ئــەو دیاردەیــە نەگۆڕێــت، یــان

درەنگتر بگۆڕێت، یان بە جۆر و ئاڕاستەیەکی تر بگۆڕێت (عەساف و عەبدوالڕەحمان، ٢٠١٥، ٢)، بە نموونە گەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە کاریگەریی شێوەزاری سۆرانی بە سەر شێوەزاری گەرمیانییەوە، دەبینین بەپێی تیۆری شەپۆلەکان، شێوەزاری سۆرانی لەو ئاوایی و ناوچانەی، کە لە سنووری شێوەزارەکەیەوە نزیکن زیاتر باڵادەستی خۆی سەپاندووە و گۆڕانی زمانی بەسەردا هێناوە، وەک لەو ئاوایی و ناوچانەی لە سنووری هەمان شێوەزارەوە دوورترن، بۆیە هەندێک دیاردەی گۆڕانی زمانی لە دوا ئاواییەکانی شێوەزاری گەرمیانی بەتایبەت ئەوانەی لە زێی بچووکەوە نزیکن، یان لە قەراغ ئەو زێیەوەن ڕووی داوە، لە ئاواییە دوور و دوورترەکان ڕووی نەداوە، ئەگەر چی ئەو ئاوایی و ناوچانەش لە هەندێ دۆخ و دیاردەی تردا، بەر هێزی شەپۆلی ئەو شێوەزارەش کەوتوون، هەرچەندە ئەم بارە بۆ بەشێک لە ئاواییەکانی شێوەزاری سۆرانیش هەر ڕاستە.

دووەم: دەشێت دوو شێوەزار بە هۆکاری جوگرافی و هاوسنوور بوونەوە، کەوتبنە ژێر کاریگەریی یەکتر و گۆڕانی زمانی لای بەشێک لە ئاخێوەرانی شێوەزارێک، یان ناوچەیەکی شێوەزارێک، یان هەردوو شێوەزار ڕووی دابێت و ئەو تایبەتمەندییانەیان لە شێوەزاری بەرامبەریانەوە وەرگرتبێت، نەک لە شێوەزارەکەی خۆیان، چونکە "گومانی تێدا نییە، کە هاوسێیەتی جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی کولتووریی نێوان خەڵکەکەی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمانیان دەبێت" (نجار، ٢٠٠٥، ١١٧)، ئینجا بەهێزی و بێهێزی شەپۆلی هەریەک لەو شێوەزارانە پلەی کاریگەرییەکەیان دیاری دەکات، کە هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی تریان جیاوازە؛ لەوانەیە هێزی شێوەزارێکیان بە سەر ئەوەی تریانەوە زۆر نەبێت و کاریگەرییەکە سووک بێت و تەنها لە هەندی ڕووالەتدا بە دەربکەوێت؛ لەوانەشە کاریگەرییەکەی زۆر بێت و شێوەزارێکیان لە زۆر ڕووەوە باڵادەستیی خۆی بەسەر شێوەزاری بەرامبەردا بسەپێنێت.

**١-١ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی زار و شێوەزارەکانی زمان و پەیوەندیی نێوانیان**

زمانەوانان "لەبارەی پەیدابوون و سەرهەڵدان و دروستبوونی زار لە زماندا بیر وبۆچوون و تیۆری جیاوازییان خستۆتە ڕوو، کە زۆر لەو تیۆر و بیر و بۆچوونانە، پێیان وایە ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر زماندا دێن، هۆکاری سەرهەڵدان و پەیدابوونی زارەکانی زمانن" (شوانی، ٢٠٠١، ٧٠)، کەواتە "دروستبوونی شێوەزار و زارەکان لە هەر زمانێکدا بێت دیاردەیەکی ئاساییە، قۆناغێکی گەشە و گۆڕانی ئەو زمانەیە، کە بە شێوەیەکی تەندروست گەشەی کردووە" (عەلی، ٢٠١٤، ١٩).

زارەکانی هەر زمانێک لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دابەش دەکرێن، کە لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێکی قسەکەری هەمان زماندا هەیە، چونکە "لە ڕاستیدا زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت" (عەلی و حەمە ئەمین، ٢٠٠٧، ١٤)، بۆیە "هەر زارێکیش لە کۆمەڵە شێوەزارێک پێک دێت. پێوەری کۆکردنەوەی شێوەزارەکانیش لەژێر ناوی زارێکدا ئەو لێکچوونە زۆرەیە، کە لە نێوان قسەکردنی چەند کۆمەڵە خەڵکێکدا هەیە؛ واتە شێوەزارەکان شێوەی جیاوازیی بەکارهێنانی زارێکن، کە لە لایەکەوە بە ئەندازەی ئەوە جیاوازیی هەیە لە نێوانیاندا، کە پێیان بگوترێت شێوەزار. لە لایەکی ترەوە بە ئەندازەی ئەوە هاوبەشی و لێکچوون هەیە لە نێوانیاندا، کە هەموویان جیا بکاتەوە لە کۆمەڵەیەکی تر، تاکو پێکەوە پێیان بگوترێت زار" (عەساف و عەبدوالڕەحمان، ٢٠١٥، ٢). هەرچەندە لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان شێوەزارەکانیش وەک یەک نییە، چونکە "هەردەم شێوەزارە جیا جیاکانی ناو زمانێک پەیوەندیی بە یەکتربەستنەوەیان لەگەڵ یەکتر لە جیاوازییەکانی نێوانیان زیاترە" (عەلی، ٢٠١٤، ١٥). کەواتە "جیاوازیی قسەکردن لە نێوان سنوورە جوگرافییە جیاوازەکان و کۆمەڵە جیاوازەکاندا هەیە" (عەساف و عەبدوالڕەحمان، ٢٠١٥، ١)، بۆیە "بڵاوبوونەوەی دانیشتووان بە سەر ڕووبەرێکی جوگرافیی فراواندا ژمارەی زارەکانی زمان زیاتر دەکات، هەرچەندە دووریی نێوان قسەپێکەرانی زمانیش زۆرتر بێت، ژمارەی زارەکانی ئەو

زمانـە و جیـاوازی نێوانیـان زیاتـر دەبـێ“ (خـولی، ٢٠٠٠، ١٦٣)؛ تـا ”لـە خاڵێکـدا جیاوازییەکـە زۆر دەبێـت و دەگاتـە ڕادەی ئـەوەی نـاوی شـێوەزار، پاشـان زار، و پاشـان زمـانی جیاوازییـان لـێ بنرێـت“ (عەسـاف و عەبدوالرەحـمان، ٢٠١٥، ٢)، لـە لایەکـی تـرەوە ”بەربەسـتە جوگرافییـەکان، تێکەڵبوونیـان سـنووردار دەکات، نەبـوونی تێکەڵیـش جیاوازیـی زمانیـی دێنێتـە ئاراوە“(خـولی، ٢٠٠٠، ١٦٤).

زمـانی کوردییـش وەک زۆربـەی زمانـانی جیهـان چەندیـن زار و شـێوەزاری لـە خـۆ گرتـووە، بـە زۆری هـۆکاری پەیدابوونیـان بـۆ چەنـد هۆیـەک دەگەڕێتـەوە، گرنگترینیـان بریتییـن لـە هـۆکاری جوگـرافی و کۆمەڵایـەتی و سـیاسی... کـە ڕۆڵـی گەورەیـان بینیـوە لـە سـەرهەڵدان و دروسـتبوونی زار و شـێوەزارە جیـا جیـاکانی زمانەکـە.

**٢-١ دیاریکـردنی سـنووری شـێوەزاری (سـۆرانی و گەرمیـانی) و پەیوەندییـان بەیەکـترەوە**

دیاریکـردنی سنووری ناوچـەی زمـانی هـەر زار و شـێوەزارێک کارێکـی ئاسـان نییـە، چونکـە مـەرج نییـە سـنووری دابەشـبوونی ناوچەیەکـی زمـانی لەگـەڵ سـنووری دابەشـبوونی ڕامیـاری و کارگێـڕی و جوگرافیـدا وەک یـەک بێـت. بـە وێنـە ناحیـەی سـەرگەڕان و بەشـێکی سـەنتەری شـارەدێی پـردێ و هەندێـک لـە ئاواییـەکانی ئـەو شـارەدێیە لـە ڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە پارێـزگای کەرکووکـن؛ بـەڵام بەگشـتی شـێوەزارەکەیان سـۆرانییە (سـۆرانی یەکێکـە لـە شـێوەزارەکانی زاری ناوەنـدی یـان ناوەڕاسـت) (خورشـید، ٢٠٠٨، ٥٤)، کـە ”لـە شـاری شـنۆ وە بەشـە سـنوورییەکەی لای موکریـانی لـێ دەرچێـت، دەسـت پـێ دەکات، بـەرەو خانـە، ڕەوانـدز، هەولێـر، تـا پـردێ، ناوچـەی پشـدەری لـێ دەربچێـت کـە سـەر بـە زاری موکریانییـە“ (شـوانی، ٢٠١٦، ٦٧)، یانیـش وتـراوە شـێوەزاری سـۆرانی ”پارێـزگای هەولێـر جگـە لـە قـەزای مێرگەسـۆر دەگرێتـەوە، شـارۆچکەی ڕەواندزیـش مەڵبەنـدی ئـەو شـێوەزارەیە“ (ڕەسـوڵ، ٢٠١٥، ٣٥٧). هەندێکـی تریـش پێیـان وایـە ”سـۆرانی هەمـوو شـاری هەولێـر دەگرێتـەوە ناوجەرگەکـەشی شـاری هەولێـرە“ (حەمـەد و سـابیر، ٢٠٢٠، ٥٣١)، هەروەهـا ئـەم شـێوەزارە لـە لایەکـەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ شـارەدێی پـردێ و دوبـز و بەشـێک لـە ئاواییەکانیـان، لـە لایەکـی تـرەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ ئاواییـەکانی شـوان و شـێخ بزێنـی، کـە ئـەم ناوچانـەش دوا سـنووری جوگرافیـی شـێوەزاری گەرمیانـن. بۆیـە دواسـنووری شـێوەزاری سـۆرانی تـا پردێیـە، ”پاشـماوەی شـێوەزاری سـۆرانیش لـە بەشـێک ناوچـەی سـەر بـە شـارۆچکەی (پـردێ) لـە ڕۆژئـاوای شـاری کەرکـووک بـەکار دەهێنرێـت“ (شـوانی، ٢٠٠١، ٧٧).

بەپێـی هەندێـک سـەرچاوە ”شـێوەزاری گەرمیانـی لـە شـاری کەرکووکـەوە بەتایبـەتی (گەڕەکـی شـۆڕیجە) لـە لای ڕۆژهـەڵاتی شـارەکەوە دەسـت پێـدەکات بـەرەو باشـوور ناوچـەی کفـری، خورماتـوو، کـەلار، قەرەتەپـە تـا سـنووری دەسـتپێکردنی خانەقیـن لـە لای باشـوورەوە“ (شـوانی، ٢٠١٦، ٦٨). یـان ”ئـەو ناوچانـە دەگرێتـەوە، کـە لـە کەرکـووک بـە خـوارەوە قسـەی پـێ دەکـەن، تـا دوائاوایـی زاری ناوەڕاسـت لـە کوردسـتانی عێـراق“ (ڕەسـوڵ، ٢٠١٥، ٣٢٥)، لـە کتێبـی زمـانی کـوردی و دیالێکتـەکانی فوئـاد حەمەخورشـید، سـنووری شـێوەزارەکە دیـاری دەکات و لەمبارەیـەوە دەڵێـت: ”دیالێکتەکـە هەمـوو ناوچـەکانی کفـری و قەرەتەپـە و کەرکـووک و دووزخورماتـوو و شـوان دەگرێتـەوە“ (خورشـید، ٢٠٠٨، ٥٥)، کەواتـە بـە پشـت بەسـتن بـەم سـەرچاوەیەی دوایـی، کـە زۆر لـە کتێـب و نامـە ئەکادیمییـەکان پشـتیان پـێ بەسـتووە، دەتوانییـن بڵێیـن: سـنووری شـێوەزارەکە؛ تـا شـارەدێی پردێیـە؛ کـە دواسـنووری شـاری کەرکووکـە.

هەروەهـا بـە پشـت بەسـتن بـە سـەرچاوە زانسـتییەکان و گـەڕانی مەیدانیـمان بـۆ ناوچـەی لیکۆڵینـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن زێـی بچـووک سـنووری هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی دیـاری دەکات، ئـەو بەشـەی بـەری لای پارێـزگای هەولێـرەوە سـەر بـە شـێوەزاری سـۆرانین، بەشـەکەی تریـش بـەری لای پارێـزگای کەرکووکـەوە سـەر بـە شـێوەزاری گەرمیانـن؛ کەواتـە زێـی بچـووک هـەر لـە شـارەدێی ئاشـتی و تەقتەقـەوە بگـرە تـا دەگاتـە شـارەدێی پـردێ و دوبزیـش، بووەتـە هـۆی دیاریکـردن و جیاکرنـەوەی سـنووری ئـەو دوو شـێوەزارە، تەنانـەت لـە نێـو سـەنتەری شـارەدێی پـردێ زێـی بچـووک دوو لقـی لـێ دەبێتـەوە، ئـەو لقـەی بـەری لای هەولێـر بـەر شـێوەزاری سـۆرانی کەوتـوون و خەڵکەکـەی بـەو شـێوەزارە دەدوێـن، لقەکـەی تـری بـەری لای کەرکووکیـش

بـەر شـێوەزاری گەرمیـانی کەوتـوون و بـەو شـێوەزارەش قسـە دەکـەن، بـۆ نموونـە گەرەکـی (تسـعین) یەکێکـە لـەو گەڕەکانـەی شـارەدێی پـردێ، کـە بـەر سـنووری شـێوەزاری سـۆرانی کەوتـووە و خەڵکەکـەی بـەو شـێوەزارە دەدوێـن، هەروەهـا نێـوانی هـەردوو لقـە زێیەکـەش هەرچەنـدە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی لـە نەتـەوەی تورکمانـن، بـەڵام کاتێـک بـە کـوردی دەدوێـن، کوردییەکـی تێکـەڵ لـە هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی گەرمیـانی بـەکار دەهێنـن.

**٣-١ تیۆری شەپۆلەکان**

لەبـارەی گـۆڕان و بڵاوبوونـەوەی زار و زمانـەکان چەندیـن تیـۆر و بۆچـوونی جیـاواز هـەن، کـە یەکێـک لـەو تیۆرانـە؛ تیـۆری شـەپۆلەکانە "بریتییـە لـەو بـارەی، کـە بەردێـک فـڕێ بدەیتـە نـاو گۆمـە ئاوێکـەوە، ئـەو شـوێنەی بەردەکـەی بـەر دەکەوێـت بـە دەوروپشـتی خۆیـدا کۆمەڵێـک شـەپۆل بـڵاو دەکاتـەوە، لێـرەوە لـە ئەنجامـی کاریگەریـی بەردەکـە شـەپۆلەکان دەردەکـەون. ئـەم تیـۆرە زیاتـر پەیوەسـتە بـە گۆڕانکاریـی ناوەکیـی زمانێـک، کـە بـاس لـە چۆنیەتیـی دابەشـبوونی زمـان بـۆ چەنـد زارێـک و کاریگەریـی زارەکان لەسـەر یەکتر دەکات، ئەمـەش لە ئەنجامی ئـەو گۆڕانکاریيانـە ڕوو دەدات کـە بەسـەر ناوەڕۆکـی زمانێکـدا دێـت" (عـەلی و حەمـە ئەمیـن، ٢٠٠٧، ١١). دواتـر ئـەو زارانـەش دەبـن بـە زمـان. "بەپێـی ئـەم بۆچوونـە هـەر زمانێـک وەرگریـن و لـە هـەر کاتێکـی مێژووییـدا لێـی بکۆڵینـەوە، دەبینیـن لـە چەنـد زارێـک پێـک هاتـووە، ئـەم زارانـەش لـە هەندێـک شـوێندا بـە نـاو یەکتردا چوونـە، تەنانـەت ئـەو کاتانـەش کـە زارەکان دەگۆڕێـن بـۆ زمانی سـەربەخۆ، دەبینیـن پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکـتردا دەمێنێـت و هێشـتا لـە ژێـر کاریگەریـی یەکـتردا دەبـن بـە تایبـەتی لـە ناوچـەکانی سـنووردا، چونکـە گـۆڕان لـە شـێوەی شـەپۆلدا لـە چەقـەوە دەردەچێـت" (فەتـاح، ٢٠١١، ١٥٨). بۆیـە "بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان گۆڕانکارییـە زمانییـەکان، لـە خاڵێکی تایبەتـەوە دەسـت پـێ دەکات، سـەرەتا گۆڕانکارییـەکان بـەرە بـەرە بـۆ ناوچـەکانی نزیـک خاڵـی دەسـت پـێ کراوەکـە دەڕۆن، دواتـر بـۆ ناوچـەکانی دوورتـر دەڕۆن، واتـە وەک ئـەو شـەپۆلانە وایـە، کاتێـک لەسـەر ئـاو دروسـت دەبـن، بـەرە بـەرە بـەرەو ناوچـەکانی دوورتـر لـە خاڵـی دروسـتبوونی شـەپۆلەکە دەڕۆن، بـەم جـۆرە گۆڕانـکاری لـە تایبەتمەندیـی زمـانی بـە دیـار دەکەوێـت و بـەرە بـەرە لـە ئاخاوتنـی ئـەو کەسـانە دەردەکەوێـت، کـە لـە ناوچـە دوورەکان دەژین"(حەمیـد، ٢٠٢٠، ٨٠).

"ئاسـایی شـێوەزاری سـۆرانی لێکچـوونی لەگـەڵ هەمـوو زار و شـێوەزارەکانی تـری زمـانی کوردیـدا هەیـە، بـەڵام لەگـەڵ شـێوەزارەکانی تـری زاری ناوەڕاسـتدا (ئـەردەلانی، موکریـانی، سـلێمانی، گەرمیـانی) لێکچـوونی زۆرتـرە، چونکـە لەگـەڵ ئـەو شـێوەزارانەدا سـەر بـە یـەک زارن. هەروەهـا شـێوەزارەکە لێکچـوونی لەگـەڵ هەمـوو شێوەزارەکانی سێ زارەکـەی تریشـدا (زاری خـواروو، ژووروو، گـۆران) هەیـە، چونکـە هەمـوو سـەر بەیـەک زمانـن" (عەسـاف و عەبدوالڕەحـمان، ٢٠١٥، ٣)، بـەڵام بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان دەبێـت لێکچـوونی زۆرتـری هەبێـت لەگـەڵ ئـەو زار و شـێوەزارانەی، کـە هاوسـنوورن لەگەڵیـدا، بۆیـە شـێوەزاری سـۆرانی، کـە هاوسـنوورە لەگـەڵ شـێوەزاری گەرمیـانی لایـەنی لێکچـوونی لەگـەڵ ئـەو شـێوەزارەدا زۆرتـرە، بـە بـەراورد بـەو شـێوەزارانەی، کـە هاوسـنوور نیـن لەگەڵیـدا. بـەم پێیـە دوو هـۆکار بوونەتـە هـۆی لێکچـوونی زۆرتـری نێـوان، هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی، کـە بریتیـن لـە:

١- هێـزی شـەپۆلەکانی ئـەو گۆڕانـەی، کـە هـەر دوو شـێوەزاری و سـۆرانی و بـە تایبـەت گەرمیـانی لـێ کەوتۆتـەوە، لـەو ناوچانـەدا لاواز دەبـن، بـە هـۆی ئـەوەی لـە چەقەکـەوە دوور کەوتوونەتـەوە، چونکـە هێـزی گـۆڕان لـە چەقـەوە دەردەچێـت، ئـەو خاڵـەی دەستنیشـان دەکرێـت تـا لـە چەقـەوە دوورتـر بێـت، کاریگـەری شـەپۆلەکەی لەسـەر لاوازتـر دەبێـت بەهـۆی لاوازی هێـزی گـۆڕانی شـێوەزاری گەرمیانییشـەوە کەمـتر کاری لـە قسـەکردنی ئـەم ناوچانـە کـردووە و تایبەتمەنـدی بـە لای خۆیـدا ڕاکێشـاوە لـە چـاو ئـەو کاریگەرییـەی کـە لـە ناوچـەکانی تـری ئـەو شـێوەزارەدا هەیبـووە. ئەمـە بـۆ شـێوەزاری سـۆرانییش هـەر ڕاسـتە، چونکـە "زار و شێوەزارەکان لـە سـەنتەری هەرێمـی زمانەکانـدا بەهێـزن، بـەڵام بـە دوورکەوتنەوەیـان لـە سـەنتەری زمانـەکان لاواز دەبـن و گـۆڕانی زیاتریـان بەسـەردا دێـت، چونکـە زار و شـێوەزارەکان لـە چەقـدا بەهێزتـرن" (بەرزنجـی و ڕەشـید،

٢٠١٣، ٢٩). یاخود بە شێوەکی تر، لەوانەیە هەندێک لە لێکچوونەکان پەیوەندیی بە خێرایی و قۆناغی گۆڕانی زمانی کوردییەوە هەبێت، بەو پێیەی شێوەزاری سۆرانی کەمتر لە شێوەزاری گەرمیانی گۆڕاو بێت، چونکە "لە کوردستاندا تا لە باشوورەوە بەرەو باکوور بچین، توانای هاتوچۆ کەمتر دەبێتەوە و ڕادەی تێکەڵبوون و گۆڕانی زمانیش کەمتر دەبێتەوە، واتە تا ناوچەکە شاخاویتر و سەختتر بێ، گۆڕانی زمانیش کەمتر ڕووی داوە و زیاتر پاراوی زمان ماوەتەوە" (ڕەسوڵ، ٢٠١٥، ٣٤٤)؛ کەواتە "شێوەزاری گەرمیانی ئەگەرچی یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەو شێوەزارەدا هاتوون لە هەموو شێوەزارەکانی تر تەنانەت لە هەموو زارەکانی تریش زۆرترن" (ڕەسوڵ، ٢٠١٥، ٣٦٤). ئینجا "لە لایەکی ترەوە، ئەستەممە گەشە و گۆڕانی زمان لە هەموو ناوچە و دەڤەرە جوگرافییە جیاوازەکاندا وەک یەک بێت" (ئەحمەد، ٢٠١١، ٥٤)، بۆیە دەشێت هەندێک دۆخ و دیاردەی زمانی لە ناو بەشێک لە قسەپێکەرانی هەر دوو شێوەزاری گەرمیانی و سۆرانی گۆڕا بێت، بەڵام لە ناوچەی شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست نەگۆڕابێت، بەتایبەت لەو ناوچانەی، کە هەردوو شێوەزار لە یەکترییەوە نزیکن وەک ناوچەکانی پردێ و دوبز و شوان و شێخ بزێنی و تەقتەق و ئاواییەکانی نزیک و دەوروبەری زێی بچووک، کە لە ئاخاوتنی ئەو ناوچانەدا تێکەڵییەک لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانیدا بەدی دەکرێت.

٢- کاریگەریی شەپۆلەکانی شێوەزاری سۆرانی کەوتۆتە سەر شێوەزاری گەرمیانی، بە پێچەوانەوەش بەتایبەت لەو ناوچانەی، کە هاوسنوورن و یەکتر برینیان تێدایە، یان دەشێت شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بە هۆکاری جوگرافی و هاوسنوور بوونەوە کەوتبنە ژێر کاریگەری یەکترەوە، "چونکە هاوسێیەتی جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی کولتووری نێوان گەلانی دراوسێی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمانیان دەبێت" (نجار، ٢٠٠٥، 117). ڕادەی کاریگەریی نێوان زار و شێوەزارەکانیش جیاوازە، بە جۆرێک (جاری وا هەیە کاریگەرییەکە سووک و ئاسانە و لە هەندێ ڕوواڵەتی کەم بەدەر دەکەوێ، جاری واش هەیە یەکێکیان زۆر قووڵە بە سەر ئەوی تر زاڵ دەبێ

و خۆی بەسەر دەسەپێنێ" (الوافي، ٢٠٠٤، ٨١١). هەر دوو شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی کە هاوسنوورن لەگەڵ یەکدی هێزی شەپۆلی هەر دوو شێوەزارەکە سنووری یەکدی تێ دەپەڕێنن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێت، بەڵام هێزی شەپۆلی شێوەزاری سۆرانی بە بەراورد بە شێوەزاری گەرمیانی زیاتر بڕ دەکات، لە نێو سنوورێکی بەرچاوی شێوەزاری گەرمیانیدا[٢]، کاریگەری خستۆتە سەر ئەو شێوەزارە و گۆڕانی زمانی بەسەر ئەو شێوەزارەدا هێناوە. هەرچەندە هێزی شەپۆلی شێوەزاری گەرمیانییش سنووری خۆی دەبڕێت و کاریگەری لەسەر شێوەزاری سۆرانی[٣] دروست کردووە، بەڵام شێوەزاری سۆرانی کەمتر کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەرییە و گۆڕانی کەمتری بەسەر هاتووە، وەک لە شێوەزاری گەرمیانی.

کەواتە "ناتوانرێ سنوورێکی دابڕ(حد قطعی) لە نێوان شێوەزارەکان یان زارەکان دابنرێ، چونکە گۆڕانەکان وردە وردەن و لە نێوان ئاواییە هاوسێکان کەمتر هەست پێ دەکرێت، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئاواییە دوورو دوورترەکان" (ڕەسول، ٢٠١٥، ٣٧٨).

**تەوەری دووەم**

**٢ـ گۆڕان لە ئاستەکانی زماندا**

دەرکەوتووە، کە "گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوو دەدات" (فەتاح، ٢٠١١، ١١٩)؛ واتە "هەموو بەشەکانی ڕێزمان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن، بۆی هەیە گۆڕا لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازییەوە بەسەر زماندا بێت" (fromkn & other,2011, 498)، هەرچەندە ئەم گۆڕانی زمانەش شێوە جیا جیاکانی زمانەکەش دەگرێتەوە، چونکە گۆڕانی زمان، زار و شێوەزارەکان دەگرێتەوە.

بەپێی تیۆری شەپۆلەکان گۆڕانی زمانی ئەوەیە، کە دۆخێک یان دیاردەیەکی شێوەزارێک لە هەندێک ناوچە و ئاوایی لە ژێر کاریگەریی شێوەزارێکی تر گۆڕانی بەسەر بێت و جیاواز بێت لە شێوەزارەکەی خۆی و بە شێوەزاری بەرامبەر بچێت، واتە هێزی شەپۆلی شێوەزارێک لە سنووری شێوەزارێکی تر لە چەند ئاوایی و ناوچەیەک باڵادەستی خۆی بسەپێنێت و کاریگەری بخاتە سەر

شـێوەزاری بەرامبـەری و گـۆڕانی زمـانی بهێنێتـە کایـەوە، وا بـکات کـە ئـەو ناوچـە و ئاواییانـە لـە هەندێـک دۆخ و دیـاردەدا لێکچوونیـان لـە گەڵیـدا هەبێـت.

بەپێـی ئـەم تیـۆرە هـەر ئاسـتێک لـە ئاسـتەکانی زمـان وەربگریـن دەبێـت گـۆڕانی زمـانی لـەو ڕوانگەیـەوە بێـت، کـە کام دۆخ و دیـاردە لـە نـاو بەشـێکی سـنووری شـێوەزارێک جیایـە لەگـەڵ دۆخ و دیـاردە بـاوەکانی شێوەزارەکە و لـە ژێـر کاریگـەری شـێوەزارێکی تـردا گـۆڕاوە، یاخـود بـە کاریگەریـی ئـەو شـێوەزارە وەک ئـەو وایـە.

لـەم ڕوانگەیـەوە گـەر بڕوانینـە گـۆڕانی زمـانی نێـوان هـەر دوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی دەبێـت ئـەو دۆخ و دیاردانـە بـاس بکەیـن، کـە هـەر یـەک لـەم دوو شـێوەزارە لـە بەشـێکی سـنووری شـێوەزارەکەیان جیاوازییـان هەیـە لەگـەڵ بەشـەکەی تـری هەمـان شـێوەزار، ئەمیـش لـە ژێـر کاریگـەری شـێوەزارەکەی تـر، کـە هەندێـک دۆخ لـەو بەشـەدا گۆڕانیـان بەسـەر هاتـووە، هەندێکیشـیان وەک خۆیـان ماونەتـەوە، ئەگەرچـی لـە چەقـی شـێوەزارەکەیاندا گـۆڕاون.

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان کار لەسـەر بڵاوبوونـەوەی شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی دەکەیـن لـە نـاو سـنووری شـێوەزاری یەکـتردا، ئـەو گۆڕانانـە دەخەینـە ڕوو، کـە لـە ئاسـتی دەنگسـازیدا هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی گرتۆتـەوە.

**٢ـ ١ گـۆڕانی دەنگـی لـە نێـوان شـێوەزاری سـۆرانی و شـێوەزاری گەرمیـانی**

ئاشـکرایە، "فۆنیـم بچووکتریـن یەکـەی دەنگییـە، کـە بـە هۆیـەوە جیـاوازی واتایـی دروسـت دەبێـت" (عمـر، ٢٠٠٤، ١٧٩)، بچووکتریـن کەرەسـتەی زمانیشـە. گـۆڕان و جیـاوازی نێـوان زار و شـێوەزارەکان لەسـەر ئاسـتی ئـەم یەکەیـە زۆرتـرە لەچـاو جیاوازییـە ڕێزمانییـەکان، واتـە "ڕێـژەی جیـاوازی نێـوان زار و شـێوەزارەکانی زمـان لـە ئاسـتی دەنگسـازیدا زۆرتـرە لـە ئاسـتەکانی تـری وەک وشەسـازی و ڕستەسـازی" (ڕەسـوڵ،٢٠١٥، ٢٠٤)، چونکـە "دەنگـەکان لـە هەمـوو زمانەکانـدا بـە پشـکێکی زۆرتـر لـە چـاو ئاسـتەکانی تـر دەکەونـە بـەر لافـاوی گـۆڕان و گەشـەکردن. زۆرتـر و زووتریـش هەسـتی پـێ دەکرێـت" (سـەعید و ئەحمـەد، ٢٠١٥، ٩).

بەگشـتی جیاوازییـە دەنگییـەکان ڕێـک خـراون و وەکـو دیـاردە دەچنـە ژێـر بـاری کۆمەڵێـک دیـاردەی دەنگییـەوە وەک دەنگگۆڕکـێ، لێکچـوونی دەنگـی، جێگۆڕکێـی فۆنیـم، لەناوچـوون (سـوان)ی فۆنیـم، پەیدابـوونی فۆنیـم ... هتـد.

لێکچـوونی بەشـێک لـە قسـەپێکەرانی هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی لەگـەڵ یەکـتری و جیاوازییـان لەگـەڵ شـێوەزاری خۆیـان لـە چەنـد دۆخ و چەنـد دیاردەیەکـی دەنگـی و نیمچـە دیـاردەی دەنگیـدا دەبینرێـت لەوانـە:

**٢-١-١ دەنگگۆڕکێ**

لـەم گۆڕانـەدا "دەنگێکـی وشـەیەک لـە قسـەی هەندێـک کەسـدا دەگۆڕێـت بـۆ دەنگێکـی تـر لـە قسـەی خەڵکـی تـردا، بـێ ئـەوەی ئـەم گۆڕانـە ببێتـە هـۆی گـۆڕانی واتـای وشـەکە، واتـە هەمـان وشـە لـە دوو فـۆڕم یـان زیاتـردا دەبیـنرێ بـە هەمـان واتـا" (فەتـاح، ٢٠١١، ١٢٣). ئـەم دیاردەیـە لـە نـاو زار و شـێوەزارەکانی زمـانی کوردیـدا زۆر بـڵاوە وەک لـەم نموونانـەی خـوارەوەدا دەردەکـەوێ:

**٢-١-١-١ دەنگگۆڕکێ بزوێنەکان**

لـە زمـانی کوردیـدا زۆرجـار بزوێنـەکان لـە جێـگای یەکـتر بـەکار دێـن، بەتایبـەتی ئەگـەر گـۆڕانی واتایـی دروسـت نـەکات، وەک: (جێـگا = جێگـە، دەرگا = دەرگـە، نـاو = نێـو، ڕۆن= ڕوون.....)، بـە زۆری (هـۆکاری گـۆڕانی بزوێنـەکان لـە زمـانی کوردیـدا بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە هێشـووە بزوێـن دروسـت نەبێـت (فەرهـادی، ٢٠١٧، ٣٩). ئـەم دیاردەیـە بـە زۆری لـە نێـوان زار و شـێوەزارەکاندا دەبینرێـت، لـە نێـوان شـێوەزارەکانی سـۆرانی و گەرمیانییـش بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

**٢-١-١-١-١ گـۆڕانی بزوێنـی / وو/ بـۆ بزوێنـی /ی/:** لـە شـێوەزاری سـۆرانیدا ئەگـەر بزوێنەکـە لـە کۆتایـی وشـە بێـت، زۆرجـار بزوێنـی / ی/ جێـی دەگرێتـەوە، ئـەم دیاردەیـە لـە هەنـدێ ناوچـەی شـێوەزاری گەرمیانیشـدا بەتایبـەت ئـەو ناوچانـەی هاوسـنوورن لەگـەڵ شـێوەزاری سـۆرانی و لـە قـەراغ زێـی بچووکـن[٤] بەردەوامـی هەیـە و لـە بـری بزوێنـی / وو/ بـەکار دێـت، وەک لـەم نموونانـەدا دیـارە:

| وشە لە (ش.گ) (٥) | وشە لە (ش.س) (٦) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| مردوو<br>بابردوو<br>ڕۆژوو | مردی<br>بابردی<br>ڕۆژی | مردی<br>بابردی<br>ڕۆژی |

**٢-١-١-١-٢ گۆڕانی بزوێنی/ ۆ/ بۆ بزوێنی / وو/:** زۆرجار لە شێوەزاری سۆرانیدا ئەو وشانەی بزوێنی / ۆ/ یان تێدایە بە جۆرێک گۆ دەکرێن، کە ئەو بزوێنە دەکەن بە / وو/ ئەم دیاردەیە لە هەندێک ناوچەی شێوەزاری گەرمیانیشدا بوونی هەیە بە تایبەت ئەو ئاواییانەی لە دوا سنوورەکانی شێوەزاری سۆرانییەوە نزیکن(٧) وەکو:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| ڕۆکردن<br>ڕۆن<br>ڕۆچوون | ڕووکردن<br>ڕوون<br>ڕووچوون | ڕووکردن<br>ڕوون<br>ڕووچوون |

**٢-١-١-١-٣ گۆڕانی بزوێنی / ە/ بۆ / ێ/:** هەندێک جار لە شێوەزاری سۆرانی بزوێنی/ ێ / لە بری بزوێنی / ە / بەکار دێت، لەو ناوچانەی شێوەزاری گەرمیانییش، کە شەپۆلی شێوەزاری سۆرانی تێیدا بەردەوامی هەیە، وشەکان وەک شێوەزاری سۆرانی گۆ دەکەن. نموونە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| جەژن<br>پیرەژن | جێژنە (٨)<br>پیرێژن | جێژنە<br>پیرێژن |

**٢-١-١-١-٤ گۆڕانی بزوێنی / ا / بۆ بزوێنی/ ە /:** لە هەندێک وشەی شێوەزاری گەرمیانی بزوێنی / ە / لە جێگەی بزوێنی / ا / بەکار دێت، بەڵام لای هەندێک لە ئاخێوەرانی شێوەزارەکە بە هۆی نزیکی و تێکەڵییان لەگەڵ ئاخێوەرانی شێوەزاری سۆرانی وەک خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەر نایەت، وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| سەرد<br>پەنکە<br>برژەنگ | سارد<br>پانکە<br>برژانگ | سارد<br>پانکە<br>برژانگ |

**٢-١-١-١-٥ گۆڕانی بزوێنی / ێ/ بۆ بزوێنی/ ە /،/ ی /:** لە شێوەزاری گەرمیانی لە هەندێک دۆخدا لە بری فۆنیمی / ێ/ فۆنیمی / ە / بەکار دێت، بەڵام لای هەندێک لە ئاخێوەرانی شێوەزارەکە وەک شێوەزاری سۆرانی فۆنیمەکە بەکار دێنن و گۆڕانی بەسەر نایەت. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| شەلەم | شێلم | شێلم (٩) |

هەروەها لە هەندێک وشەی تری شێوەزاری سۆرانی بزوێنی/ ی / لە بری بزوێنی / ێ / بەکار دێت، ئەم دیاردەیە ئەو ناوچانەی شێوەزاری گەرمیانیشی گرتۆتەوە، کە شەپۆلی شێوەزاری سۆرانی تێیدا بەردەوامی هەیە. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| ئەچێت<br>ئەمرێت<br>ئەکەوێ | دەچیت<br>دەمریت<br>دەکەوی | دەچیت<br>دەمریت<br>دەکەوی (١٠) |

**٢-١-١-١-٦ گۆڕانی بزوێنی / ی / بۆ / ێ /:** لە هەندێ وشەی شێوەزاری سۆرانی بزوێنی/ ی/ لە بری بزوێنی / ێ / بەکار دێت، لای بەشێک لە ناوچەکانی شێوەزاری گەرمیانییش بە هەمان شێوە بەکاری دەهێنن. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| تینوو<br>میوان | تێنی<br>مێوان | تێنی (١١)<br>مێوان |

**٢-١-١-١-٧ گۆڕانی بزوێنی / i / بۆ / ە /:** لە شێوەزاری سۆرانی و ئەو بەشەی شێوەزاری گەرمیانی، کە لە ژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانین، گۆڕینەکە بە زۆری لەو

وشـانەدا دەردەکەوێـت، کـە لـە بڕگەیـەک زیاتـرن و بزوێنـی دوای ئـەو بڕگەیـەی کـە بزرۆکـە بزوێنەکەیـەتی، بزوێنـی / ا / یـە.وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
| --- | --- | --- |
| کڵاو<br>پڵاو<br>گڵاو | کەراو<br>پەراو<br>گەراو | کەراو<br>پەراو<br>گەراو[١٢] |

**٢-١-١-٢ دەنگگۆڕکێی نەبزوێنەکان**

نەبزوێنـەکان (کۆنسـنانت) زیاتـر لـە بزوێنـەکان گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت، چونکـە بزوێـن بـە بناغـەی بڕگـە دادەنرێـت، لێـرەدا گۆڕانکارییـە زمانییـەکان لـە نێـوان شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیـانی بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان بریتییـە لـە:

**٢-١-١-٢-١ گـۆڕانی نەبزوێنی / ڵ/ بـۆ نەبزوێنـی / ر/ بـە پێچەوانەشـەوە نەبزوێنی/ ر/ بۆ نەبزوێنی / ڵ/:** فۆنیمـی / ڵ/ لـە هەمـوو شـێوەزارەکانی زاری ناوەڕاسـتدا زۆر بـەکار دێـت، جگـە لـە شـێوەزاری سـۆرانی، ئـەم فۆنیمـە لـە شـێوەزاری سـۆرانی کـەم بـەکار دێـت (عەسـاف و عەبدوالڕەحـمان، ٢٠١٥، ٦). بـە زۆری فۆنیمەکـە دەکـەن بـە/ ر/ لـە هەنـدێ ناوچـەی شێوەزاری گەرمیانیشدا بەتایبـەت ئـەو ناوچانـەی هاوسـنوورن لەگـەڵ شـێوەزاری سـۆرانی و لـە قـەراغ زێـی بچووکـن[١٣] شـەپۆلی بەکارهێنـانی فۆنیمـی / ر/ بەردەوامـی هەیـە و لـە بـری فۆنیمـی / ڵ/ بـەکار دێـت، وەک لـەم نموونانـەدا دیـارە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
| --- | --- | --- |
| گوڵ<br>دڵ<br>ماڵ | گور<br>در<br>مار | گور<br>در<br>مار |

بـە پێچەوانەشـەوە هەندێـک لـە قسـەپێکەرانی ئاواییـەکانی[١٤] قـەراغ زێـی بچـووک لـە سـنووری شـێوەزاری سـۆرانی لـە بـری فۆنیمـی / ر/ فۆنیمـی / ڵ/ بـەکار دەهێنـن. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
| --- | --- | --- |
| گور<br>مار | گوڵ<br>ماڵ | گوڵ<br>ماڵ |

**٢-١-١-٢-٢ گـۆڕانی نەبزوێنـی/ د/ بـۆ / ت/:** لـە شـێوەزاری گەرمیانـی لـە هەنـدێ وشـەدا لـە بـری نەبزوێنـی/ د/ نەبزوێنـی / ت/ بـەکار دێـت، بـەڵام لـە بەشـێکی ناوچـەی گەرمیـان هـەر وەکـو شـێوەزاری سـۆرانی نەبزوێنـی / د/ بـەکار دێنـن بـۆ نموونـە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
| --- | --- | --- |
| تێم<br>لەگەڵت تێم<br>پشتێن | دێم<br>لەگەرد دێم<br>پژدێن | دێم<br>لەگەرد دێم<br>پژدێن[١٥] |

**٢-١-١-٢-٣ گـۆڕانی نەبزوێنـی / ئـ/ بـۆ نەبزوێنـی / د/ ، / م/:** لـە شـێوەزاری سـۆرانی فۆنیمـی / د/ لـە کاری ڕانەبـردوو و فۆنیمـی (م) لـە هەنـدێ نـاودا لـە بـری فۆنیمـی / ئـ/ بـەکار دێـت، کـە فۆنیمـی دووەم لـە ناوچـەی گەرمیـان زۆر بـەکار دێـت، بـەڵام بەشـێک لـە قسـەپێکەرانی شـێوەزاری گەرمیـانی وەک شـێوەزاری سـۆرانی لـە بـری فۆنیمـی / ئـ/ فۆنیمـی / د/ ، / م/ بەکاردێنـن وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
| --- | --- | --- |
| ئەچم<br>ئەکەم<br>ئامۆژن | دەچم<br>دەکەم<br>مامۆژن | دەچم<br>دەکەم<br>مامۆژن[١٦] |

**٢-١-١-٢-٤ گـۆڕانی نەبزوێنـی / ئـ / بـۆ / ع /:** لەشـێوەزاری سـۆرانیدا فۆنیمـی / ع/ لـە هەندێـک وشـەدا لـە بـری فۆنیمـی / ئـ / بـەکار دێـت، کـە لـە بەشـێک لـە ناوچـەکانی گەرمیانییـش ئـەم دیاردەیـە بـەدی دەکرێـت ، هەمـزە لا دەبرێـت و فۆنیمـی / ع/ دەخرێتـە سـەرەتاوە. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| ئاسمان<br>ئافەریم | عاسمان<br>عافەریم | عاسمان<br>عافەریم |

**٢-١-١-٢-٥ گـۆڕانی دەنگـی / ئـ / بـۆ دەنگـی/ ھ/ و بـە پێچەوانـەوە:** لـە زمـانی کوردیـدا زۆرجـار ئـەم دوو دەنگـە جێـگای یـەک دەگرنـەوە. بـۆ نموونـە ئەگـەر / ھ / سـوا ئـەوا / ئـ / وەک پێویسـتییەکی دەنگسـازی بـە هـۆی بزوێنـی دوای / ھ / لـە سـەرەتای وشـەدا دروسـت دەبێـت، یـان (دەشـێ دەنگـی ( ھ) بنـەڕەت بـێ و سـوابێ، چونکـە لـەکاتی درکانـدنی / ھ / دا وەک بزوێنـەکان دەم کـراوە دەبـێ و هەوایەکـی زۆ خـەرج دەکا. بۆیـە (ئـ)، کـە لـە زمانەکـەدا بـەوە نـاسراوە هـەوا پاشـەکەوت دەکا، دوای سـوانی/ ھ / جێـگای دەگرێتـەوە و دەچێتـە پێـش بزوێنـی سـەرەتای وشـە. بـەڵام مـەرج نییـە ئەمـە بـۆ هەمـوو وشـەیەک ڕاسـت بێـت (عەسـاف، ٢٠٠٩، ٣٧)، گـەر وشـەیەکی وەکـو (ئەسـپ) بـە نموونـە وەربگریـن دەبینیـن لـە زمانـەکانی فـارسی، تاجیکـی، بلوجـی، تاڵیشـدا بـەکار دێ (حاجـی مـارف، ١٩٧٥، ٣٧).

دەنگـی / ھ / زۆرجـار لـە شـێوەزاری سـۆرانی جیـاواز لـە شـێوەی ئاخاوتـن و نووسـینی شـێوەزاری گەرمیانـی و زاری ناوەڕاسـت، بەتایبـەت لـە سـەرەتای وشـەدا دەردەکەوێـت، واتـە شـێوەزاری سـۆرانی (لەسـەرەتای وشـەدا کـەم خـۆی دەداتـە دەسـت دیـاردەی سـوان و کەوتنـی دەنـگ، بـە بەراوردکـردنی لەگـەڵ زمـانی سـتاندارد و شـێوەزارەکانی تـر (فەرهـادی، ٢٠١٧، ٤١)، بۆیـە "بـە دەرکەوتنـی دەنگـی / ھ / لـە سـەرەتای وشـە لـەو زار و شـێوەزارەدا یـان جێـی فۆنیمـی/ و/ ی شـێوەی نووسـینی زاری ناوەڕاسـت دەگرێتـەوە، یـان پێویسـتی هەمـزە(ء) ناهێڵێـت لـەو وشانەدا، کـە لـە شـێوەی نووسـینی زاری ناوەڕاسـتدا بـە بزوێـن دەسـت پـێ دەکـەن" (عەسـاف و عەبدوالڕەحـمان، ٢٠١٥، ٦). ئـەم دیاردەیـە لـە هەندێـک ناوچـەی شـێوەزاری گەرمیانییـش[١٧] بـوونی هەیـە بـە هـۆی نزیکـی و تێکەڵیيانـەوە لەگـەڵ قسـەپێکەرانی شـێوەزاری سـۆرانی کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو شـێوەزارەوە، واتـە وەک شـێوەزاری سـۆرانی ئـەم دەنگـە گـۆ دەکـەن، بـۆ نموونـە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| ئەسپ<br>ئەژدیها<br>ئاوڕ<br>ورد | هەسپ<br>هەژدیها<br>هاوڕ<br>هوورد | هەسپ<br>هەژدیها<br>هاوڕ<br>هوورد |

**٢-١-١-٢-٦ گـۆڕانی نەبزوێنـی / ژ / بـۆ نەبزوێنـی / ز- ج /:** ئـەم فۆنیمـە لـە بەشـێکی سـنووری شـێوەزاری گەرمیـانی، لـە هەندێـک وشـە لـە ژێـر کاریگـەری شـێوەزاری سـۆرانی گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە لـە بـری فۆنیمـی / ژ / فۆنیمـی / ز- ج / بـەکار دێـت. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| ژەهر<br>ژەم | زەهر<br>جەم | زەهر<br>جەم |

**٢-١-١-٢-٧ گـۆڕانی نەبزوێنـی / ش / بـۆ نەبزوێنـی / ژ /:** لـە شـێوەزاری سـۆرانی و بەشـێک لـە شـێوەزاری گەرمیـانی بـە زۆری نەبزوێنـی / ژ/ لـە بـری نەبزوێنـی / ش / بـەکار دێـت، وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| پشتێن<br>پشمین | پژدێن<br>پژمین | پژدێن [١٨]<br>پژمین |

**٢-١-١-٢-٨ گۆڕانی نەبزوێنی / و / بۆ / ف/:** لـە شـێوەزاری سـۆرانی بـە زۆری نەبزوێنـی / ف/ لـە بـری نەبزوێنـی / و / بـەکار دێـت، بـەڵام لـە هەندێـک ئاوایـی سـەر بـە شـارەدێی تەقتـەق[١٩]، ئەوانـەی نزیکـن لـە سـنووری شـێوەزاری گەرمیانییـەوە لـە هەندێـک وشـەدا فۆنیمـی (و) لـە بـری فۆنیمـی (ف) بـەکار دێـنن، ئەمـەش جیایە لەگـەڵ شـێوەزاری سـۆرانی و لێکچـوونی لەگـەڵ شـێوەزاری گەرمیـانی هەیـە و بـەر شـەپۆلی ئـەو شـێوەزارە کەوتـووە.

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| شفتی | شوتی | شوتی |
| مزگەفت | مزگەوت | مزگەوت |
| نەفت | نەوت | نەوت |
| حەفت | حەوت | حەوت |

**٢-١-١-٢-٩ گـــۆڕانی نەبزوێنـــی / ک / بــۆ / گ /:** لـــە هەندێـک وشـەی شـێوەزاری گەرمیـانی نەبزوێنـی / گ / لـە جێگـەی نەبزوێنـی / ک / بـەکار دێـت، بـەڵام ئـەو ئاواییانـەی کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی شـێوەزاری سـۆرانی وەک ئـەو شـێوەزارە گـۆی دەکـەن.

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| جووجگە | جووجکە | جووجکە |
| تۆڵەگە | تۆرکە | تۆرکە[٢٠] |
| توورەگە | توورەکە | توورەکە |

**٢-١-١-٢-١٠ گـۆڕانی نەبزوێنـی / و- w / بـۆ نەبزوێنـی / م / بـە پێچەوانەشـەوە نەبزوێنـی / م/ بـۆ نەبزوێنـی / و /:** لای بەشـێک لـە ئاواییـەکانی شـێوەزاری سـۆرانی، کـە هاوسـنووری شـێوەزاری گەرمیانیـن لـە بـری نەبزوێنـی / و / نەبزوێنـی / م / بـەکار دێـت، بـۆ نموونـە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| دەو | دەم | دەم |

دیـاردەی پێچەوانەیـی لـە هەندێـک وشـە لای بەشـێکی شـێوەزاری گەرمیـانی، کـە بـەر شـەپۆلی شـێوەزاری سـۆرانی کەوتـوون دەبینرێـت، واتـە نەبزوێنـی/ و / لـە بـری نەبزوێنـی/ م/ بـەکار دێـت. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| دەم | دەو | دەو |

**٢-١-١-٢-١١ گـۆڕانی نەبزوێنـی / ل / بـۆ / ب /:** لـە سـنووری ڕۆژهـەڵاتی کۆیـەدا، ئاواییـەکانی بنـاری چیـای هەیبـەت سـوڵتان، مارۆکـەوە تـا دەچێتـە کڵێسـەی دەم زێـی بچـووک، لـە خـواروش بـۆ شـارۆچکەی تەقتـەق سـەر بـە شـاری کۆیـە، واتـە سـنووری کارگێـڕی نێـوان کەرکـووک و کۆیـە، ئامـرازی (بـۆ) لـە بـری (لـۆ) بـەکار دێنـن، واتـە لـە ئاخاوتنەکانیانـدا نەبزوێنـی / ب / جێگـەی نەبزوێنـی / ل / ی گرتۆتـەوە، ئەمـەش چ بـۆ مەبەسـتی پـرس، یـا وەک بەسـتنەوەی نـاوی شـوێنێک بـەکار هاتـووە، هەرچەنـدە شـەپۆلی بڵاوبوونـەوە و بەکارهێنـانی ئـەم نیمچـە دیاردەیـە بـە بنارەکـەدا لـە هەندێـک شـوێن دەپچڕێـت، بـەڵام لـە باکـووری شـارەکەدا بـەرەو ڕۆژئـاوا درێـژ دەبێتـەوە بـۆ ئاواییـەکانی تەکـەوڵ، گورزەییـان، کێلەسـپی، گۆپتەپـە و شاخەپیسـکە، کەچـی نـاو شـار هـەر (لـۆ) بـەکار دەهێنـن. (حەمـەد و سـابیر، ٢٠٢٠، ٥٣٧)

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| لۆ | بۆ | بۆ |

**٢-١-٢ سوانی فۆنیم (زیاد و کەمی لە ژمارەی فۆنیمدا)**

"بریتییـە لـە فڕێـدان و لەناوچـوونی فۆنیمێـک یـان زیاتـر لـە مۆرفیمێکـدا بـە مەبەسـتی ئاسـانکردنی دەربڕیـن" (محەمـەد، ٢٠١٥، ٥٣). واتـە "لـە چوارچێـوەی وشـەدا فۆنیـم دەسـوێت، بەبـێ ئـەوەی کار لـە واتـای وشـەکە بـکات" (محەمـەد سـەلیم، ٢٠١٤، ٦٢). یـان "لـە ئەنجامـی لێکـدانی مۆرفیمـەکان لـە ئاسـتی مۆرفۆلۆجیـدا، ژینگـەی دەنگـی جیـاواز دروسـت دەبـن و دەبێتـە مایـەی لەناوچـوونی دەنگێـک یـان زیاتـر" (محەمـەد، ٢٠١٥، ٥٣). بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان ئـەم دیاردەیـە لـە نێـوان شـێوەزارەکانی سـۆرانی و گەرمیانـی لـەم نموونانـەی خـوارەوەدا بـە دەردەکەوێـت:

**٢-١-٢-١ سـوانی بزوێنـی / ێ/:** بزوێنـی / ێ / لـە هەندێـک وشـە لـە شـێوەزاری سـۆرانی دەسـوێت، بـەڵام لای بەشـێک لـە قسـەپێکەرانی لـە دوا ئاواییـەکانی ئـەو شـێوەزارە وەک شـێوەزاری گەرمیـانی گـۆ دەکرێـت و فۆنیمەکـە ناسـوێت. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| جون | جوێن(جمێن، جمان) | جوێن |

لە بەشێکی تری ئاوایيەکانی هەردوو شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی جیا لە چەقی هەردوو شێوەزارەکە وشەی (دژوێن) لە بری وشەکانی (جوێن، جوون) بەکار دێنن.

**٢-١-٢-٢ سوانی نەبزوێنەکان:** سوانی نەبزوێنەکانیش لەم نموونانەی خوارەوەدا بە دیار دەکەوێت:

**٢-١-٢-٢-١ سوانی نەبزوێنی / د /:** لە شێوەزاری گەرمیانیدا لە هەندێک وشە کرتاندنی فۆنیمی / د / بەرچاو دەکەوێت، کاتێک لە پێش یان لە دوای فۆنیمی / ا / ەوە بێت، یان لە ناوەڕاست و کۆتایی هەندێک وشەدا بێت، بەڵام لە بەشێکی گەرمیان هەر وەکو شێوەزاری سۆرانی ئەم دیاردەیە نابینرێت و فۆنیمەکە بەکار دەهێنن. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| مناڵ<br>بەغا<br>سوێن<br>تون | مندار (٢١)<br>بەغداد<br>سوێند<br>توند | مندار<br>بەغداد<br>سوێند<br>توند |

**٢-١-٢-٢-٢ سوانی نەبزوێنی / ب /:** لە هەندێ وشەی شێوەزاری گەرمیانی فۆنیمەکە دەسوێت، بەڵام لەو بەشەی لە ژێر کاریگەریی شێوەزاری سۆرانیدایە هاوشێوەی ئەو شێوەزارە فۆنیمەکە گۆ دەکەن و ناکرتێندرێت. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| تەمەڵ<br>پێغەمەر | تەمبەڵ<br>پێغەمبەر | تەمبەڵ<br>پێغەمبەر |

**٢-١-٢-٢-٣** سوانی **نەبزوێنی / و- w /:** لە شێوەزاری سۆرانیدا فۆنیمی نەبزوێنی / و/ لە هەندێک وشەدا دەسوێت، لە ناو سنووری شێوەزاری گەرمیانییشدا لە هەندێ ناوچە و ئاوایی فۆنیمەکە دەسوێت. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| نوێژ<br>خوێ<br>هەنگوین | نێژ<br>خێ<br>هەنگین | نێژ<br>خێ<br>هەنگین |

لەم فۆنیمەشدا دیاردەی پێچەوانەیی هەیە، فۆنیمی نەبزوێنی / و/ لە هەندێک ناوچەی شێوەزاری سۆرانی ناسوێت، بە هەمان شێوەی شێوەزاری گەرمیانی گۆ دەکرێت. بە نموونە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| نێژ<br>خێ | نوێژ<br>خوێ | نوێژ<br>خوێ |

واتە نەبزوێنی / و / لە هەندێک وشە لای بەشێک لە ئاواییەکانی دوا سنووری شێوەزاری گەرمیانی دەسوێت، کەچی لە چەقی شێوەزارەکە ناسوێت، بە پێچەوانەوەش لای هەندێک لە ئاواییەکانی دوا سنووری شێوەزاری سۆرانی ناسوێت، کەچی لە چەقی شێوەزارەکەدا دەسوێت.

**٢-١-٢-٢-٤** سوانی **نەبزوێنی / گ /:** ئەم فۆنیمە لە هەندێ وشەی شێوەزاری سۆرانیدا تێ دەچێت، بەڵام لە بەشێکی ئەو شێوەزارەدا لە ژێر کاریگەری شێوەزاری گەرمیانی، فۆنیمەکە ناکرتێندرێت و بەکار دەهێنرێت وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| سە | سەگ | سەگ |

**٢-١-٢-٢-٥ سوانی دەنگی / ئە / بە هۆکاری مێژووی یان زارەکی**

لە ئەنجامی بەراوردکردنی دوو زار یان دوو شێوەزاری زمانێک هەست بە لەناوچوونی دەنگێک یان زیاتر دەکەین لە چوارچێوەی مۆرفیم و وشەدا. هەرچەندە هۆکاری ئەم لەناوچوونە دەنگییە بە ڕوونی دیار نییە، بەڵام لەوانەیە بۆ ئاسانی درکاندن و دەم گرتنەوە بێت. دەکرێت ئەم دیاردەیە بە سوانی دەنگی ناوبرێت، کەواتە لە شێوەزاری

گەرمیانیـدا لـە هەندێـک وشـە (ئـە) دەسـوێت، بـەڵام لـەو بەشـەی نزیـک شـێوەزاری سـۆرانی هەسـت بـە بـوونی ئـەم دیاردەیـە ناکەیـت وەک شـێوەزاری سـۆرانی بـەکاری دەهێنـن. نموونـە:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| سپێ | ئەسپێ | ئەسپێ |

**٢-١-٢-٢-٦ سـوانی نیمچـە بزوێنـی / ی/:** لای بەشـێک لـە ئاواییـەکانی قـەراغ زێـی بچـووک[٢٢] و نزیـک ئـەو قەراغـە لـە سـنووری شـێوەزاری سـۆرانی نیمچـە بزوێنـی / ی / بـە پێچەوانـەی چەقـی شـێوەزارەکەوە لەنـاو ناچێـت و وەک شـێوەزاری گەرمیـانی گـۆ دەکرێـت، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە ئـەو ئاواییانـە لـە ژێـر کاریگـەری شـێوەزاری گەرمیانییـدان و ئـەو گۆڕانـەی ئـەو شـێوەزارەی دروسـت کـردووە لـە نـاو سـنووری شـێوەزاری سۆرانیشـدا بەردەوامـی هەیـە. وەک:

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| داک | دایک | دایک |

**٢-١-٣ جێگۆڕکێـی فۆنیمـەکان:** ‹لـەم دیاردەیـەدا دوو دەنـگ یـان دوو برگـە جێگاکانیـان دەگۆڕنـەوە» (فەتـاح، ٢٠١١، ١٢٢)، واتـە «دەنگـەکان لـە وشـەدا شـوێنی خۆیـان دەگۆڕنـەوە، هـەر یەکەیـان شـوێنی ئـەوەی تریـان دەگرێتـەوە، بەمـەش پـاش و پێـش دەکـەون» (الـواڤی، ٢٠٠٤، ٣٠٨). ئـەم دۆخ و دیاردانـە لـە زمـانی کـوردی و لـە نێـوان شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیانیشـدا بـوونی هەیـە، لـە بەشـێکی ناوچـە و ئاواییـەکانی هـەردوو شـێوەزار، هەندێـک وشـە جیـاواز لـە چەقـی شـێوەزارەکەی خۆیـان و وەک شـێوەزاری بەرامبـەر گـۆ دەکرێـن، کـە تێیـدا پـاش و پێـشی دەنگـی ڕووی داوە. وەک:

**٢-١-٣-١ جێگۆڕکێی / گ/، / ە/، / ر/ ← / ە/، / ر/، / گ/**

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| جگەر | جەرگ | جەرگ |

**٢-١-٣-٢ جێۆڕکێی / پ/، / ق/ ← / ق/، / پ/**

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| پشقل | قشپل | قشپل |

**٢-١-٣-٣ جێگۆڕکێی/ ێ /، / ر /، / و / ← / ر / ، / و / ، / ێ /:**

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| کێروشک | کەروێشک | کەروێشک |

**٢-١-٣-٤ جێگۆڕکێی / و / ، / ر / ← / ر / ، / و /**

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| دەورێش | دەروێش | دەروێش |

**٢-١-٣-٥ جێگۆڕکێی / ر / ، / ی / ← / ی / ، / ر /:**

| وشە لە (ش.گ) | وشە لە (ش.س) | وشەی گۆڕاو لە (ش.گ) |
|---|---|---|
| شرین | شیرن | شیرن |

**ئەنجام**

- بەپێـی تیـۆری شـەپۆلەکان گەشـە و گـۆڕانی زمـان لـە هەمـوو ناوچـە و دەڤـەرە جوگرافییـە جیاوازەکانـدا وەک یـەک نییـە، ئـەو ناوچانـەی دوا سـنووری هـەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و گەرمیانیـن زیاتـر گۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە، وەک لـەو ناوچانـەی کـە لـە مەڵبەنـدی ئـەو دوو شـێوەزارەوە نزیکـن، چونکـە زار و شـێوەزارەکان لـە سـەنتەری هەرێمـی زمانەکانـدا بەهێزتـرن، بـە دوورکەوتنەوەیـان لـە سـەنتەری زمانـەکان لاواز دەبـن و گـۆڕانی زیاتریـان بەسـەردا دێـت، بۆیـە زار و شـێوەزارەکان لـە چەقەکەیانـدا بەهێزتـرن.

- گـۆڕان لـە بزوێنـدا زیاتـرە وەک لـە نەبزوێـن، چونکـە بزوێـن بـە کۆڵەکـەی برگـە دادەنـرێ.

- هێـزی شـەپۆلی شـێوەزاری سـۆرانی بـە بـەراورد بـە شـێوەزاری گەرمیـانی زیاتـر بـڕ دەکات، لـە نێـو سـنوورێکی

بەرچاوی شێوەزاری گەرمیانیدا، بە تایبەت لە ئاواییەکانی سەر بە شارەدێی پردێ کاریگەری خستۆتە سەر ئەو شێوەزارە و گۆڕانی زمانی بەسەر ئەو شێوەزارەدا هێناوە. بەڵام شێوەزاری سۆرانی ئەگەرچی لە هەندێک ئاوایی سەر بە شارەدێی تەقتەق و قوشتەپە... کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێوەزاری گەرمیانی، بەڵام کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەک لە شێوەزاری گەرمیانی.

- بەشێکی بەرچاو لە ئاواییەکانی ناوچەی گەرمیان هەندێک وشە جیاواز لە شێوەزارەکەی خۆیان و وەک شێوەزاری سۆرانی گۆ دەکەن، کە تێیدا پاش و پێشی، یان جێگۆڕکێی دەنگی ڕووی داوە.

- بەپێی تیۆری شەپۆلەکان سیما دیارەکانی گۆڕانی زمانی لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بە زۆری دیاردەی گۆڕانی دەنگییە، کە لە شێوەزاری گەرمیانییدا دیارترینیان گۆڕانی فۆنیمی / ڵ / ← / ر / ، / وو/ ← / ی/ .

### پەراوێزەکان

١- هۆکارە ناوەکییەکانی گۆڕانی زمان بریتین: لە کات و وزە، هەرچی هۆکارە دەرەکییەکانە زۆرن لەوانە: (جوگرافی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و بازرگانی، کۆچکردن و ئاوارەیی، ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی بیر و شارستانی، بەرژەوەندیی مرۆڤ ...تاد)

٢- ئەو ئاوایی و ناوچانەی سنووری شێوەزاری گەرمیانی، کە زۆرتر هێزی شەپۆلی شێوەزاری سۆرانی پیی گەیشتووە و گۆڕانی زمانی دروست کردووە، بریتین لە: سەنتەری شارەدێی پردێ و دوبز و چەند ئاواییەکی تری وەک: شێخەیی، چیاچەرموکی گەورە و بچووک، دەرماناوی خواروو ژوروو، قەرغەتوو، قەرەبەگ، قەرە سالم بانوو و خواروو، تولکی، کاولە سوار، شەوجێڕ ،پەڵکانە ، دەرماناو پەڵکانە، عەمدون، مەرزیخەی خواروو و ژوروو، کانیی ڕەش، جگیلە، قەرەناو، سماقە، قەمیشە، قودرەتە، قەسرۆک، گرد خەبەر، گەرناغاز ئەمبەر و ئەوبەر، کانیی هەنجیر، توتەقەر، جەلەمۆر، ئەسکەندەر بەگی، سەرچنار، گەڵۆزی، گەوەنی، گورزەیی، نەبیاوە، شانشین، یارمجە، ڕۆژبەیانی، میر ئەسفەهانی گەورە و بچووک، زەردک، غەزنەفەر، کەڵهوڕ، گۆڵدەرە، دارەمان، حەسار گەورە و بچووک ....

٣- زیاتر ئاواییەکانی موخەڕەس، چۆم حەیدەر، باخەزنێر، ساتۆ قەڵا، کانیی ڕەش، قەمبەر، سارتک، ئاوماڵ... لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای شارەدێی تەقتەق، شارەدێی ئاشتی و بەشێک لە ئاواییەکانی سەر بەو شارەدێیە وەک کلێسە، بۆگد، کانیبی، ئەلیاسە سوور، هەواری تازە، قزلوو، گۆمەشین، کانیی کوردە، ...، چەمەزەردەڵە لە باکووری شارەدێی پردێ بەر شەپۆلی گۆڕانی زمانی کەوتوون.

٤ - زۆربەی ئاواییەکانی قەراغ زێی بچووک لە سنووری شێوەزاری گەرمیانی فۆنیمی / ی / لە بری / وو / بەکاردێنن.

٥- کورتکراوەی شێوەزاری گەرمیانی.

٦- کورتکراوەی شێوەزاری سۆرانی.

٧- بە زۆری ئاواییەکانی قەراغ زێی بچووک فۆنیمەکە دەگۆڕن بە نموونە لە بری وشەی (ڕۆن) وشەی (ڕوون) بەکار دەهێنن، بەڵام ئەم دیاردەیە هەموو ئاواییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی نەگرتۆتەوە.

٨- جگە لە گۆڕانی / ە / بۆ / ێ / دەنگی / ە / لەکۆتایی وشەکە زیاد بووە.

٩- دوای ئەوەی بزوێنی / ە / گۆڕاوە بۆ / ێ / ، دەنگی/ ە / لە نێوان دەنگەکانی / ل ، م / سواوە.

١٠- جگە لە گۆڕانی / ێ / بۆ / ی / لە سەرەتای وشەکانی (دەچیت ، دەکەوی)، دەنگی / د/ جێگەی دەنگی / ئـ / گرتۆتەوە.

١١- جگە لەوەی بزوێنی / ێ / جێی بزوێنی / ی / گرتۆتەوە، بزوێنی / ی / لە بری / وو / بەکارهاتووە.

١٢- لە زۆربەی ئەو وشانەی /i / گۆڕاوە بۆ / ە /، نەبزوێنی / ر / جێگەی نەبزوێنی / ڵ / گرتۆتەوە.

١٣- بە زۆری ئاواییەکانی قەراغ زێی بچووک وەک: شێخەیی، چیاچەرمک، دەرماناوی خواوو و ژوروو، قەرەسالم، تولکی، پەڵکانە، عەمدۆن، کاولە سوار، مەرزیخە... فۆنیمی / ر / لە بری / ڵ / بەکار دێنن، بەڵام لای ئاواییەکانی دوورتر لەو قەراغە وەک (کەڵوڕ و دارەمان، حەسار ...) ئەم دیاردەیە ڕووی نەداوە، ئەگەر چی ئەو ئاواییانەش بە دەر نین لەو شەپۆلە گۆڕانکارییەی، کە بەسەر شێوەزاری گەرمیانیدا هاتووە.

١٤- بەشێک لە قسەپێکەرانی ئاواییەکانی چەمەزەردەڵە و تازەدێ، سارتک، ئاوماڵ...، کە لە سنووری شێوەزاری سۆرانین فۆنیمی / ڵ / لە بری فۆنیمی / ر / بەکار دەهێنن، واتە لەو ئاواییانە هەردوو فۆنیمەکە بەکار دێنن.

١٥- جگە لەوەی نەبزوێنی / د / جێی نەبزوێنی / ت / ی گرتۆتەوە، نەبزوێنی / ژ / لە بری نەبزوێنی/ ت / بەکار هاتووە.

١٦- وشەی (مامۆژن) زیاتر لە ئاواییەکانی قەراغ زێی بچووک بەکار دێت، ئەگینا لە ناوچە و ئاواییەکانی تر (ئامۆژن) بەکار دێنن.

١٧- بەشێک لە ئاواییەکانی چیاچەرمک و دەرماناو و شەوجێر... فۆنیمی / ه / لە بری فۆنیمی / ئ / بەکار دێنن.

١٨- جگە لەوەی نەبزوینی / ژ / لە جێی نەبزوێنی / ش / بەکار هاتووە، نەبزوینی / د / شوێنی / ت /ی گرتۆتەوە.

١٩- ئاواییەکانی: موخەڕەس، مەلا زیاد، چۆم حەیدەر، باخەزنێر، ساتۆ قەڵا، کانی ڕەش ... لە خۆرهەڵاتی شارەدێی تەقتەق و سارتک،

ئاومـاڵ، تـازە دێ...لـە خـوارووی تەقتـەق دەگرێتـەوە.

٢٠- جگـە لـەوەی دەنگـی / ک / جێـی دەنگـی / گ / ی گرتۆتـەوە، فۆنیمـی / ر / لـە بـری فۆنیمـی / ڵ / بـەکار هاتـووە، هەروەهـا بزوێنـی / ە / لـە وشـەکەدا سـواوە.

٢١- فۆنیمـی / د / نـە سـواوە، بـەڵام لـە بـری فۆنیمـی / ر / فۆنیمـی / ڵ / جێـی گرتۆتـەوە.

٢٢- لای بەشـێک لـە قسـەپێکەرانی ئاواییـەکانی چۆمەزەردەڵـە، تـازەدێ، قەمبـەر، ئاومـاڵ، سـارتک... فۆنیمەکـە ناسـوێت، هەروەهـا لـە ئاواییـەکانی کانی لەلـە، سـێکانی، ...کـە زیاتـر لـە شـێوەزاری لوڕییـەوە نزیکـن، بـەڵام لـە سـنووری شـێوەزاری سـۆرانین، وشـەکە وەک خـۆی گـۆ دەکـەن و فۆنیمەکـە ناسـوێت.

## سەرچاوەکان

### ١ـ بە زمانی کوردی

#### أ: کتێب

- ئەحمـەد، عەبدولمەنـاف ڕەمـەزان (٢٠١١)، **ئەتڵـەسی زمـانی (هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق وەک نموونـە**، ماسـتەرنامەی بڵاوکـراوە، دەزگای سـپیرێز، چاپخانەیـا خـانی، دهـۆک.

- حاجـی مـارف، ئاوڕەحـمان (١٩٧٥)، وشـەی زمـانی کـوردی، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـدا.

- خورشـید، فـواد حەمـە (٢٠٠٨)، **زمـانی کـوردی و دیالێکتـەکانی**، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سـلێمانی.

- ڕەسـوڵ، عەبـدوڵا حسـێن (٢٠١٥)، **چەنـد باسـێکی وردی زمانـەوانی - کـوردی**، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، بڵاوکراوەکانی ناوەنـدی ئاوێـر، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر.

- شـوانی، ڕەفیـق (٢٠٠١)، **چەنـد بابەتێکـی زمـان و ڕێزمـانی کـوردی**، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چاپخانـەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

- — (٢٠١٦)، **لێکۆڵینـەوەی جۆراوجـۆری زمانناسی**، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

- عـەلی، بەکـر عومـەر و حەمەئەمیـن، شـێرکۆ (٢٠٠٧)، **زار و شـێوەزار**، چاپـی دووەم، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی.

- عـەلی، کازم عەبـاس (٢٠١٤)، **پەیوەندی چاوگەکان لە زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردی**، چاپی یەکـەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- فەتـاح، محەمـەد مەعـروف (٢٠١١)، **زمانـەوانی**، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

#### ب: نامەی ئەکادیمی بڵاونەکراوە:

- حەمید، سـاکار ئەنـوەر (٢٠٢٠)، **ئەتڵـەسی دەنگسـازی شێوەزاری خۆشناوەتی**، نامـەی دکتۆرا، زانکۆی سـەڵاحەددین، کۆلێـژی زمان، هەولێر.

- عەسـاف، هیـوا ئەحمـەد (٢٠٠٩)، **هەنـدێ جیاوازیـی زمـانی لە شـێوەی ئاخاوتنـی شـوانیی کێشـکدا بە بـەراورد لەگەڵ زاری کوردیی ناوەڕاست**، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـەڵاحەددین، کۆلێژی زمـان، هەولێر.

- محەمـەد، ڕۆکان عەبـدوڵا (٢٠١٥)، **چەنـد تایبەتێتییەکـی ناوچـەی گەرمیـان لـە ڕووی فۆنەتیـک و گراماتیکـەوە**، نامـەی دکتـۆرا، زانکـۆی سـلێمانی، فاکەڵتـی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، سـکوڵی زمـان.

#### پ: گۆڤار

- بەرزنجـی، فەرەیـدون عەبـدول و قـادر، سـەباح ڕەشـید (٢٠١٣)، **بڵاوبوونـەوەی زار و زمانـەکان لـە ژێـر ڕۆشـنایی تیـۆری شـەپۆلەکاندا**، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە(٢٦).

- حەمـەد، دەریـا سـابیر و سـابیر، شـادان شـوکر (٢٠٢٠)، **بەریەککەوتنی شـێوەزارەکانی زاری کرمانجـی ناوەڕاسـت لـە شـاری کۆیـە**، گۆڤـارا زانسـتێن مرۆڤایـەتی یـا زانکۆیـا زاخـۆ ژمـارە (٤).

- سـەعید، یوسـف شـەریف و ئەحمـەد، مزگین عەبدولڕەحـمان (٢٠١٥)، **گـۆڕانی مێژوویـی کۆنسـنانتی زمـانی کـوردی**، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٣٣).

- عەسـاف، هیـوا ئەحمـەد و عەبدواڵرەحـمان، عومەر ئەحمـەد (٢٠١٥)، **شـێوەزاری سـۆرانی لـە نێـوان زاری ناوەڕاسـت و ژوروودا**، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژمـارە (٥).

- فەرهـادی، عاطـف عەبـدوڵا(٢٠١٧)، **شـێوەزاری هەولێـر-لێکۆڵینەوەیەکـی دەنگسـازی**، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژمـارە(١٠).

- محەمەد سـەلیم، پەیمان حەسـەن (٢٠١٤)، **بەراوردی نێوان زمانی نوسین و شێوەزاری مزووری باڵا**، گۆڤـاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٠).

### ٢ـ بە زمانی عەرەبی:

- العـزاوي، نعمـه رحيـم (١٩٨٤)، النقـد اللغـوی بيـن التحـرر والجمـود، منشـورات دائـرة الشـؤون الثقافيـة والنـشرة، بغـداد.

- النجـار، ناديـه رمضـان (٢٠٠٥)، فصـول الـدرس اللغـوی بيـن القدمـاء و المحدثيـن، دار الوفـاء، االاسـكندريه.

- الـوافي، عـلی عبدالواحـد (٢٠٠٤)، علـم اللغـه، الطبعـه التاسـعه، نهضـة مـصر للطباعـه والنـشر، اسـكندريه.

- خـولي، محمـد علـی (٢٠٠٠)، مدخـل الی علـم اللغـه، دار فـلاح للنـشر، عـمان.

- عمر، احمد مختار (٢٠٠٤)، دراسة الصوت اللغوی، القاهرة.

- فريحـه، انيـس (١٩٨٩)، اللهجـات و اسـلوب دراسـتها، الطبعـی اولی، دار الجيـل، بيـروت.

### ٣ـ بە زمانی ئینگلیزی:

- Victoria Fromkin, Robert Rodman, Nina Hymans (2011), An Introduction to language.

## الملخص

**التغيير اللغوي بين اللهجات السورانية والكرميانية حسب نظرية الموجات، المستوى الصوتي على سبيل المثال**

مصادر التغيير والاختلافات اللغوية تنحصر في شقين: أولاً؛ لطالما ابتكر الإنسان أدوات جديدة لتلبية احتياجاته، ثانياً؛ ابتعاد المسافة بين المتحدثين، بسبب ضعف التواصل في الماضي، ومع تغيير اللغة ظهر العديد من الاختلافات بين المتحدثين في المناطق المختلفة.

عنوان هذا البحث: (التغيير اللغوي بين اللهجات السورانية والكرميانية حسب نظرية الموجات، المستوى الصوتي على سبيل المثال)، إذ هي محاولة للتعرف على بعض جوانب التطور والتغيرات اللغوية في اللهجة السورانية والكرميانية وفق نظرية الموجات، حيث تم العمل على انتشار اللهجة السورانية والكرمانية داخل حدود بعضهما البعض. باستثاء المقدمة و النتائج يتكون البحث من محورين: المحور الأول: يناقش التغييرات اللغوية، وظهور اللهجات وانتشارها، ورسم حدود اللهجات السورانية والكرميانية وعلاقة بعضهما ببعض، ومن ثم تم التعريف بنظرية الموجات. المحور الثاني: أخذ مستوى الصوتيات كمثال، حيث تم مناقشة التغيرات الصوتية بين اللهجات السورانية والكرميانية وفق نظرية الموجات، وفي الأخير تم عرض النتائج.

الكلمات الدالة: اللغة، اللهجة، اللكنة، التغيرات اللغوية، نظرية الموجات.



# Abstract

**Linguistic change between Sorani and Garmian dialects according to wave theory, the level of noise, for example**

The source of change and linguistic differences are two things: the first is that human beings have always created a new set of ideas to meet their needs, and the second is that the distancing of the speeches from each other, due to the weakness of the relationship between the kurds and the change of language, has also created differences between the people of different areas. This study, titled: Linguistic change between Sorani and Garmian dialects according to wave theory, the level of noise, for example), is an attempt to identify some sides of language development and change in Sorani and Garmian dialects according to wave theory, i.e. the spread of Sorani and Garmian dialects within each other's borders. In addition to the introduction and results, the investigation consists of different topics: the first part: is the topic of language change, the emergence and dispersion of dialects and dialects, determining the boundaries of Sorani and Garmian dialects and their relationship, then the theory of waves has been identified. Second part: is the level of phonetic is taken as an example, in which, according to the theory of waves, the change of phonetic between the Sorani and Garmian dialects is discussed, and then the results are presented.

**Key words:** language, dialectic, accent, lingual change, wave theory.